بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ ﴿1﴾

سوێند بە ئاسمان و ئەو ئەستێرانەی کە بە شەودا دەردەکەون (هەروەها
دەکرێت ئایەتی سێیەم وەڵام بێت بۆ طارق).

وَمَا أَدْرَاكَ مَا الطَّارِقُ ﴿2﴾

جا تۆ چووزانی (طارق) چیە؟

النَّجْمُ الثَّاقِبُ ﴿3﴾

ئەستێرە کونکەرەکەیە تیشکی تاریکی دەبڕێت (زاناکان هەندێك
ئەستێرەیان بۆ دەرکەوتووە کە زۆر بچوکن، بەڵام بە قەدەر ئەستێرە
گەورەکان قورس و سەنگینن، وە بە ئاسانی هەموو ئەستێرەو
هەسارەیەك کون دەکەن و پیایدا تێدەپەڕن)!!

إِن كُلُّ نَفْسٍ لَّمَّا عَلَيْهَا حَافِظٌ ﴿4﴾

(سوێند بەوانە) هەر هەموو کەسێك، چاودێری هەیە (سەرەتا چاودێری
هەموانە، فریشتەکانیشی کردووە بە چاودێر و پارێزەرمان).

فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ ﴿5﴾

با ئادەمیزاد تەماشا بکات و سەرنج بدات کە لەچی دروستکراوە؟!

خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ ﴿6﴾

دروستکراوە لە ئاوێکی هەڵقوو (کە مەنی پیاوەو هێلکۆکەی ئافرەتە، هەردوو لایان هەڵقوڵێن بۆ پێکهاتنی ئادەمیزاد، بە ویستی خوا).

يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ ﴿7﴾

لە نێوان بڕبڕەکانی پشتی پیاوو ئێسکەکانی سینەی ئافرەت دەردەچێت.

إِنَّهُ عَلَى رَجْعِهِ لَقَادِرٌ ﴿8﴾

بێگومان ئەو زاتە دووبارە (دروستکردنەوەی ئادەمیزادی) زۆر لا ئاسانەو توانایی تەواوی هەیە.

يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ ﴿9﴾

ئەو ڕۆژەی کە هەموو نهێنیەکان دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت.

فَمَا لَهُ مِن قُوَّةٍ وَلَا نَاصِرٍ ﴿10﴾

(ئادەمیزاد) هیچ هێزو پشتیوانیەکی نیە.

وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الرَّجْعِ ﴿11﴾

سوێند بە ئاسمانێک کە هۆیەکە بۆ گێڕانەوە (سوڕی ئاو لە سروشتدا، شەپۆلەکانی تەل و ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنەکان و...هتد) دەگەڕێتەوە.

وَالْأَرْضِ ذَاتِ الصَّدْعِ ﴿12﴾

هەروەها سوێند بە زەوی کە درزی تێ دەبێت و دەڕوخێت و دەلەرزێت تا گیاکان سەری لێ بێننە دەرەوە (ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئادەمیزاد بزانێت کە لە سەر زەویەك دەژی وەك بۆمبی کاتی وایە هەر تاوێك تەقی، شەق و پەق دەبێت و وێران دەبێت).

إِنَّهُ لَقَوْلٌ فَصْلٌ ﴿13﴾

بەڕاستی ئەم قورئانە گوفتارێکی جیاکەرەوەیە (جیاکەرەوەی حەق و ناحەق، ڕاست و درۆ، چاك و خراپ و...هتد).

وَمَا هُوَ بِالْهَزْلِ ﴿14﴾

هەرگیز گوفتارێکی لاواز نیە بۆ گاڵتەجاڕی نیە.

إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْدًا ﴿15﴾

بەراستی ئەوانە سەرگەرمی پیلانن و خەریکی داو نانەوەن (بۆ ئیمانداران).

وَأَكِيدُ كَيْدًا ﴿16﴾

(بە م) خوا دەفە رموێت: منیش پیلانو نەخشەی خۆم دەخەمە کار.

فَمَهِّلِ الْكَافِرِينَ أَمْهِلْهُمْ رُوَيْدًا ﴿17﴾

تۆش (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) تاوێك مۆڵەتی کافران بدە، کەمێك لێیان بوەستە (بزانە چییان بەسە ر دێت).